کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 0:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سوید

**شارستانی، هەڵوێستی تەنهاخۆیەتی، یاحکومەته بەگشتی؟! ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

(بەشی یەکەم)



زۆرجاری تریش باسمان لەوە کردووە، کەگەلی کورد زۆرجارلەشەڕی چەکداریدا براوە بوە، بەڵام لەگەمەی ڕامیاری (سیاسی) دا دۆڕاندویەتی، دیارە بەڵگەی زیندوش زۆرەو لەبەرچاوە. جائەوەی جێگەی نیگەرانی وسەرنج ڕاکێشانە بۆ، سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو هەمو نسکو هێنا یانەدا دەرسی وەرنەگرتووە؟! وەک ئەڵێن بالندەیێکی زۆر بچوک هەیە، کەلەناوچەی ئێمە ناوی ئەبەن بە چڵ بەردیلە، بەهۆی ئەوەی لەکاتی هێلانە داناندا، چل دانە بەردی بچوک کۆ ئەکاتەوەو زۆربەڕێکی دایان ئەنێ. لێیان پرسی بۆوا عاقڵی، لەوەلامدا وتی، لەهەرخەسارەو عەقڵێ!! بەلام زۆر زۆر بەداخەوە کەسەرکردایەتی سیاسی کورد، گرینگترین هەڵوێستی سیاسی، بەرانبەر بەنەیارانی لەدڵسۆزی و ڕێزلێناندا ئەبینێتەوە، ئەوەش وای کردووە لەبەرانبەردا، نەیارەکانیان بیقۆزنەوە بەهەلێک، بۆتەفرەدان و دەسەخەڕۆکردنیان، بەزمان لوسی و بەڵێنی زلو قەواڵە بەتاڵ، تاگەیشتونە بەمەرامە گەلاوەکانی خۆیان بەرامبەربەکورد! بۆ نمونە تەنهادوبەڵگەی بچوک ئەهێنمەوە یاد. لەگەرمەی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا، لەکۆتایی شەستەکاندا، بەتایبەت (1969) ڕژێمی بەعس وەها توشی شەپرزەی و سەرلێشیوان و بێتوانایی هاتبو، تەنانەت لەپاش ڕاوەستانی شەڕودەست پێکردنی گفتوگۆ، بەفەرمی ڕایانگەیاند، کەتوانایی بۆمب هاویشتنیان نەمابو بۆیێ بڕیاری شەڕ ڕاگەیاندنیاندا. ئەوەبو ڕێککەوتن نامەی 11 ئازار ڕاگەیێندرا، کەئەگەر بێت و بەراوردی بکەینەوە لەگەڵ ئەم دەست کەوتەی ئێستاماندا، هیچ شتێکی وای کەمتر نەبو، بگرە لەبارەی کەرکوکەوە زۆر باشتریشبو! بەلام هەر بە بەڵێنی بریقەدارو دڵخۆشکەرەوە، توانیان لایەنی کوردی، کەخۆی لەسەرکردایەتی نەمر بارزانی موستەفادا ئەبینیەوە، بڕوا پێ بێنن کەدان بەخۆیاندا بگرن، بەبێ هیێچ بەڵگەنامەیێکی فەرمی نێو دەوڵەتی تاکو توانیان ژمارەیێکی زۆر لەدەرون لاوازانی ناو شۆڕش بکرن و لەژێرەوە لەگەڵ کرێگرتەو چڵکاو خۆرو خۆفرۆشانی کوردا ڕێک بکەون و خۆیان زۆر بەباشی تەیار بکەنەوە، ئەمجار دەستیان کردەوە بە تەڵەکەبازی ئاشکراو، بێلان دارشتن بۆ لە ناوبردنی بارزانی نەمرو، دەرکردنی، پەیمان نامەیێک بەناوی (میپاق وگنی) یەوە تەنانەت حزبی شیوعی عراقیش کەئەو وەختە یەک پارچەبو، قبوڵی کردو چوە پاڵ بەعس! لێرەدا ئەمەویت بۆئویژدان زیندویی خۆم، ئاماژە بەخاڵێکی زۆرگرینگ بکەم لە ژێری و هەستیاری سەرۆکی نەمر موستەفا بارزانی، لە بەرانبەردوژمندا، ئەوەش ئەوەبو، کەلەسەرەتاو گەرمەی وتوویژ کردندا، لە کۆنگرەی هەشتەمدا کەلەناوپردان بەسترا، کە نوێنەری حزبی شیوعی و حزبە عراقیەکان و تەنانەت حزبی بەعسیش بەشداربو، سەرۆک بارزانی نەمر لەسەرەتای ووتارەکەیدا فەرموی (ڕۆڵەکانم واتێنەگەن بەیانی 11ئازار هاتووە کورد ڕزگار بکات، بەڵکو هاتووە ئەگەر ئاگاداری خۆمان نەبین کورد پارچە پارچە بکات، بۆیێ ئەبێت لەمرۆ بەدواوە هەر چاوێکمان بکەین بەچوارچاو، ئەبێت بزانن کەتاکو دوێنێ دوفرۆکە ئەهاتن بەچاو ئەمان بینین خۆمان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 0:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەشاردەوە، ئەگەردوقومبەلەشیان بهاویشتایە بریندااریش بوینایە برینەکەی دیاربو زو تیمارمان ئەکرد، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە، دە دە فڕۆکە دێن و نایان بینین و برینە خەنە ناو دڵمانەوەو ناتوانین تیماری بکەین!) ئەمە ڕاستێیکەو کەتواناداری ئەو سەرکردە مەزنە ئەسەلمێنێت، لەتواناداری و پێشبینی بەدی کردندا، بەڵام زۆر بەداخەوە کەئەوێش کەوتە داوی بەڵێنی دروی ئەمریکاوەو، بەبێ هیچ بەڵگەنامە یێکی فەرمی حکومەتی ئەمریکا، ئەوەبولەئەنجامدا ئەوشۆڕشە مەزنەشمان لەناوچو بۆیێ لێرەدا ئەڵێم، وەک پێشینان وتویانە هەرچی ڕۆیی چوو بەدوایا مەچو، بەڵام ئەوەی نەچووە، بانەهێڵین بچێێ. ئەواجارێکی تریش نەیارانمان ئەیانەوێت هەمان گەمەی ڕامیاریمان لەگەڵدا ئەنجام بدەن! ئەمجارەیان لەژێرپەردەی هاوپەیمانی و هاوڕیی تێکۆشانی ڕۆژە سەختەکانی دژی ڕژێمی لەناوچوو، بەناو فیدرالیەتو مافی هاو بەشیەوە لەگەڵ سەرکردایەتی گەلی کوردستاندا ئەدوێن. گوایە ئەم بەڕێزانە کاکڵەی کەسایەتی نیشتانپەروەرانی عەرەبی ئێراقینو بڕوایان بەڕەواوناڕەوایەتی هەیە!! کەچی وادیارە ئەمجارەش، هەمیسان ئەبێت کورد بڵێت سەدخۆزگە بەکفن دز!! جالێرەدا من ئەگەڕێمەوە بۆ باسەکەی شۆڕشی ئەیلول، کەئامازەم بەهەڵوێستی ڕژێمی بەعس کرد، وەک لایەنی عەرەب و هەروەها ئامازەم بەبەڵێنی مام ئەمریکای بەناو ماف پەروەرو ئازادی خواز کرد. بۆیێ ئەمەویت بەر لەوەی بچمە سەر باسی بەناو براعەرەبە بەڕێزەکان، کەمێک هەڵوێستی نالەبارو چەوتو چێڵی تەڵەکەبازی ئەمریکا بکەین. پێشەکی ئەوەئاشکرایە کەئەمریکا بەهیچ جۆری بەروپشتی بۆکەس نیەوهیچ کاتێکیش دوستی کورد نەبووەوناشبێت. چونکە ئەو دەوڵە تێکی بەرژەوەند خوازەو، ئەو دروشمە پیرۆزە مرۆڤایەتیانەی کەپیشانی ئەدات و بەرزیان ئەکاتەوە هەموی درۆی سیاسی و تەڵەکە بازیە، بۆ گەیشتنە بەبەرژەوەندە تایبەتیەکانی نەتەوەیی ئەمریکا. لەکاتێکدا ئەودەوڵەتە لەرێگەی کۆلۆنیالیزمیەوە گەیشتۆتە ئەو پایەو پلە زلهێزی و سەرمایەداریەدا، ئیتر چۆن دەست بەرداری ئەبێت؟! کەوابونابی بەهیچ جۆرێک بایەخ بەدۆستایەتی بدرێ لەڕوی مرۆڤایەتیەوە، بەڵکو ئەبێت بەپێی سنوری بەرژەوەند داریەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. کەهەڵوێست و کردارەکانیشی ئێستا والەبەر چاوە، ئەگەر کەمێک بەهەستیاریەوە سەیری بکەین زۆر بەزەقی و ڕونی ئەوڕاستیانە ئەسەلمێنێ، بەتایبەتی لەناوەوەی ئێراقدا! بۆ نمونە. لەکاتێکدا کە ڕژێمەکەی سەدام بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی ئێران بووەوە، بەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندیەکانی لەو وولاتە دا، نەمابو بەهۆی ڕوخانی شای بۆگەنەوە لەدەستی دابو، ڕاستەو خۆ پشتی سەدامی دیکتاتۆری گرتو تاسەرکەوتنیشی پشتی بەرنەدا! بەڵام کاتێ هەستیکرد سەدام نیازی داگیرکردنی کوێت وسعودیەو وولاتانی کەنداوی هاتۆتە خەیاڵ، کەگورزێکی کوشندە لەبەرژەوەندیەکانی کاتی ئەکەویت و ئەبێتە مەترسییێکی گەورەش بۆ دووا ڕۆژی لەناوچەکەدا، بیرو ڕای خۆی گۆڕی بەرانبەر بەسەدام. ئەوەبو، بەداگیر کردنی کویت بەپێچەوانەی شەڕی ئێرانەوە، لەسەدام هەڵگەڕایەوەو هێرشی کردەسەری و دەری پەڕاند لەکوێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەو کاتەدا پێگەیێکی زۆر بەهێزی وای نەبو کەدڵنیابێت سەدام ئەڕوخێنێت و بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەسەڵاتێک لەئێراق ئەهێنێتە کایەوە، هێرشەکەی ڕاگرت. بۆ دومەبەست:

یەکەم: بەڵکو سەدام دەرسێک وەرگرێت و لەو مل هوڕیەی واز بێنێت و بێتەوە ژێر ڕکێفی و بەپێی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا کار بکات، وەک پۆلیسێکی خەلیجی و بەس. کەزۆر زیاتر ئاواتەخوازی ئەوەبو، نەک ڕوخاندنی.

دوهەم: بۆ خۆڕێکخستنەوەیێکی تازەترو، دۆزینەوەی پیگەیێکی بەهێزو یارمەتی دەر

لەکاتی پەلاماردانەکەدا. دیارە بەهۆی ملهوڕی سەدامەوە، مەبەستی دوهەمی هاتە دی. ئەوەبو بەهۆی کۆڕەوە مێژوییەکەی کوردستانەوە، ئەو هەڵەی قۆستەوەو، سنوری هێڵی سوری بەبڕیارێکی نێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 0:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ونەتەوەیی دروستکرد لەنێوانی ڕژێمی بەغداو هەرێمی کوردستاندا. دیارە لەوێوە توانی پردێ دروست کات لەنێوان خۆیو، کوردو بەرهەڵست کارانی ڕژێم لەئێراقدا، کەبەتایبەت خۆیان لەبەرەی شیعەکاندا ئەبینران. تاگەیشتە ئاستی هاوپەیمانیەتی، بەتایبەت لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا، کەزۆر لەوئاستەش بەرزتر ڕێزی لێ ئەگیرا! هەمو دەروازە کانی کوردستانی لەبەردەمدابۆ یەک والآکرایەوە، بەبێ دیاری کردنی هیچ بەڵگە نامەیێک کەگوزارش لەپابەندبونی ئەمریکا بکات بۆ بەدەست هێنان و چارەسەر کردنی کێشە ڕەواکانی کەشیاوی هیچ نکۆڵی لێکردن نیە. دیارە ئەوهەڵوێست و بارودۆخانە بونە پاڵپێوە نەرێ بەهێز بۆ ئەمریکا، کەدڵنیابێ لەوەی زۆر بەئاسانی هەرەس بەهێزەکەی دیکتاتۆر دێنێت و سەدام و ڕژێمەکەی لەناو ئەبات. ئەوە بو تەکانی داو ڕوداوەکانمان بەچاوی خۆمان بینی. کێشەی ئەوڕژێم و دیکتاتۆرەی کەلاسایی هیتلەری ئەکردەوە کۆتایی پێهات و لەناوچو. براگەورەی هاوپەیمانی کرا بەداگیرکەروهەمو دەسەڵاتێکی ڕێکخستنەوەی وولاتی ئێراقی خرایە ئەستۆو، دەستی کردبەدارشتنی نەخشەو پیلان دانانی مۆدێرنە بۆ دارشتنەوەو پێکهێنانەوەی حکومەتێکی فیدرالیو دیموکراتیو فرەیو ئازادی خواز لەسەربنە مای یەک پارچەیی خاکی ئێراق و، یەکسانی و، پاراستنی مافی مرۆڤ بەم شێوەی لای خوارەوە!! دیارە لێرەدا بۆئەوەی خۆێنەری بەرێز بێزار نەکەین، کۆتایی بەم بەشە ئەهێنین، هیوادارین چاوەڕوانی بەشی دوهەم بن لەگەڵ ڕێزماندا..

2007/11/27

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.